# قەدەری خەونەکان

عومەر کەریم بەرزنجی

لەسەر بانیژەی

قەدەری ئەم بوونە مەوەستە

نەبادا وەك چاوی سەوزی"هەڵەبجە"

بەدەم بای ئەم قوتبی مەرگەوە

بێوادە هەڵوەرێ

وەك دڵی"مەولەوی" هەڵقرچێ

لاولاوی ئەوینی"نالی"بەو

بەبەژنی زراڤی"حەبیبە"دا هەڵزنیٚ

نەك قەدەر

دەستی رەشی مەرگیش نەتوانیٚ

کە ئێمە لەباخچەی ئەوینا هەڵکەنیٚ

لە سەر بانیژەی

قەدەری ئەم بوونە مەوەستە

نیگات هێندە ئاوێزانی دەریا مەکە

نەوەك رەنگی شەپۆل بگریو

ناخودای خەونم غەرق کەیت

لە پەنجەرەی گومانەوە

لەو نەورەسە کۆچەرییانە مەڕوانە

لەزەردەپەڕی ئێوارەیەکی هاوینا

پەی بەناخی دەریا دەبەن و

راڤەی خەونی ئەو ماسییانەمان بۆ دەکەن

پێیان وایە نیشتمان جگە لە سەرابێک

ئامێزی سۆزانییەکە

بۆ گشت پیاویٚ ئاوەڵایە

پیاوە شەرعییەکەی نەبیٚ

بەسیمای نورینتا دەڵێن بۆ خواوەند دەڕوانی

هەتا زێدێکمان بداتیٚ

**شەربەکانی پڕبێ لە ئاوی زەمزەم و**

**سێوەکانی لە هەنگوینی مەحەبەت**

**زێدێک دیرۆکی بەتاڵ بێت**

**لە هەڵوەرینی ئەستێرەو**

**نیگای کارمامزەکانی**

**دوربێ لە رەوەزی گومان.**

**لە ژمارە"368"ی رۆژی2000/6/11ی هەفتەنامەی "ئاڵای ئازادی"دا بڵاوکراوەتەوە.**